National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

### چوارەم را پۆرت : گرفتی کارگێڕیی لە کەرتی تەندروستی دا لە گەرمیان

کانونی دوەم 2018

1/2/2018

## پێڕست



| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |



### بەشی یەکەم: ناساندن

1. پێشەکی
2. کارنامەی یەکەکە
3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

**دوەم: ئامانجی یەکە**

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

**سێیەم: کارەکانی یەکە**

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەرییەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆری هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاَتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەرینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە بپارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

**ناوەڕۆک:**

1. دەسپێک

2. گرفتەکانی کارگێری لە سنوری بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان

3.تا چەند کۆمپیتەر و تەکنەلۆژیا بۆ رایی کردنی کارەکانی کارگێری بەکاردەهێنرێن

4.کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر سستبونەوەی کارە کارگێرییەکان

5. نەبونی پسپۆڕی کارگێری لە نەخۆشخانە و بەرێوبەرایەتیەکان

6. رای بەرێوبەری تەندروستی گەرمیان لەسەر گرفتەکانی یەکە کارگێرییەکان

**1.دەسپێک:**

لەگەڵ ئەو گرفتانەی دیکەی کەرتی تەندروستی لەگەرمیان گرفتێک هەیە کە کەمتر قسەو باسی لەسەرەو تەنانەت کەمتر چاوی میدیاشی دەچێتە سەر کەچی زۆرینەی کارەکان لەو لایەنەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو لایەنەش کارگێرییە.

بەشی کارگێری یەکێکە لە بەشە هەرە گرنگەکانی هەر بەرێوبەرایەتی و دامەزراوەیەکی حکومی، چونکە بەشی هەرە زۆری کارەکان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کارگێری و تا چەند کارەکانی بەشی کارگێری رێکتر و باشتربێت کاریگەری دەبێت لە سەر خستنەروی خزمەتگوزارییەکان و بەڕێکردنی کارەکانی هاولاتیانەوە.

لەم راپۆرتەدا لایەنەکانی کاری کارگێری و ئەو گرفتانەی کە بۆ رایکردنی کارەکانی هاوڵاتیان و کارەکانی خودی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان باس دەکەین و بە وردی ئەو گرفتانە دەخەینە رو کە بونەتە هۆی لاوازی لایەنی کارگێری لە یەکەکانی تەندروستیدا.

## 2. گرفتەکانی کارگێری لە سنوری بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان

لایەنی کارگێری لە کەرتی تەندروستی وەکو بەشێک لە لایەنەکانی دیکە بەدەر نیە لە کەموکورتی و گرفت و لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە و کەمبونەوەی دەوامی کارمەندان و فەرمانبەرانەوە زیاتر ئەم گرفتە هەستی پێدەکرێت.

ئەرکان محەمەد رەشید، بەڕێوەبەری کارگێری نەخوشخانەی گشتی کەلار، دەڵێت: "کارگێری پێکهاتەیەکە لە وەزارەتەوە شۆڕبوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و دواتر نەخۆشخانە و سەنتەر و مەڵبەندەکان، بۆیە بە پێی رێنمایەکانی وەزارەتی تەندروستی کارگێریش کارەکانی جێبەجێدەکرێت و هەروەها ئەزمونی کەسەکانیش بۆ ئەم کارە گرنگە بۆ ئەوەی کارەکان بە باشی رای بکرێت، لەلای ئێمەش کارمەندەکان دەوامیان بوە بە نۆرە (متناوب) کارەکان بە سستی بەرێوە دەچێت، بەڵام رانەوەستاوین و کارەکان رایی دەکەین ئەگەرچی گرفتی ئەوەشمان هەیە لە جێبەجێنەکردنی بڕیارەکان یان بەدواداچون نەکردن بۆ ئیش و کارەکان ئەمەش بۆ خۆی گرفتە".

بەشێک لە بەڕێوبەرە کارگێرییەکان لەلایەن بەڕێوبەرەکانیانەوە دەسەڵاتی تەواویان پێدراوە بۆ ئەوەی کارەکان رایی بکەن و مامەڵەی هاوڵاتیان نەوەستێت.

شنۆ عەزیز محەمەد، بەڕێوەبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە لە کەلار، باسلەوەدەکات: "بەپێی رێنمایەکانی تەندروستی دەسەڵاتی کارگێریم پێدراوە بۆ راییکردنی ئیشوکارەکان و ئەو گرفتانەی رودەدات و فەرمانی ئەوەشم هەیە لە نەبونی بەڕێوەبەرەکەم ئیش و کارەکانی ئەویش رایی بکەم بۆ ئەوەی نەوەستێت."

هاوکات عەدنان ئەحمەد ساڵح، بەڕێوەبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری، وتی: "هەمو دەسەڵاتێکم پێدراوە لەلایەن بەڕێوەبەرەکەمەوە تەنانەت لە بری ئەویش زۆرجار بەشداری کۆبونەوەکان دەکەم کە تەندروستی ئەنجامی دەدات، بەشێوەیەکی گشتی لە مەڵبەندەکەی ئێمە بە دەستەجەمعی بەرێوەی دەبەین هیچ یەکێک لە ئێمە کاری دیاریکراوی نیە."

هەروەها سەبارەت بەوەی تاچەند دەسەڵاتی پێدراوە، دونیا غەفور رەحیم، بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب دەڵێت: "بە پێی رێنمایەکانی تەندروستی دەسەڵاتم پێدراوە لە چوارچێوەی کارەکەی خۆمدا لە لایەن بەرێوەبەرەکەمەوە، دەسەڵاتی ئەوەشم هەیە ئیجرائات بەکاربهێنم بەرامبەر بە کارمەندەکانم لە بونی هەر گرفت و سەرپێچیەکدا."

قەیرانی دارایی و دانەمەزراندنی فەرمانبەران و بونی دەوامی زۆرینەی بەرێوبەرایەتیەکان وایکردوە لە بەشێک لە نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنگەکان گرفتی کەمی کارمەند دروست بێت.

باکۆ حەسەن، بەرێوەبەری کاتی کارگێری مەڵبەندی تەندروستی گوڵالە لە کەلار، سەبارەت بە شێوازی بەرێوبردنی کارەکانیان ئاماژە بەوەدەکات: "ئێمە لە روی کارگێرییەوە رۆژانە کارەکانمان بەرێ دەکەین و گرفتمان نیە لە شێوازی بەرێوەبردن تەنها ئەوەیە گرفتی کارمەندمان هەیە و وەک پێویست نیە بۆ بەشەکان و ئەمەش بارگرانی دروست کردوە".

ئەو باس لەوە دەکات لە روی ئیدارییەوە دەسەڵاتم پێدراوە لە بەرێوەبردنی کارەکان بەشێوەیەکی کاتی، بەڵام لە هەیکەلی مەڵبەندەکەمان بەرێوەبەری کارگێری دیارینەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ئەوەم هەیە لێپێچینەوە بکەم، بەڵام کاتێک دەبێت لێپێچینەوە بکەی کە ماف بە فەرمانبەرەکان بدرێت، بۆیە هیچ کارمەندێک مافی پێنەدراوە لە بەرامبەر ماندو بونەکانی ئیتر چۆن لێپێچینەوە بکەم.

سەبارەت بەوەی تاچەند کارگێری بە سیستەم کاراوە دەڵێت: "کارگێری بە سیستەم نەکراوە لە روی ئیدارەدانەوە، چونکە لە ئاستێک نیە تابڵێین بە سیستەمکراوە."

هاوار محەمەد رۆستەم، بەرێوەبەری کارگێری دیوانی بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "کارگێری بوارێکی فراوانە و ناتوانرێت دیاری بکرێت، کارەکانی رۆژانەش بەگشتی پەیوەندی بەیەکەوە هەیە و لە ژمێریاری و خۆیەتی و ئامار و هەروەها فەرمان دەرکردن و وەڵامدانەوەی نوسراو هەمو ئەمانە گرێدراوی یەکن و ئێمە زیاتر کار بە نوسراو دەکەین ئەو کارانەی پەیوەندی بە ئیدارەوە هەبێت رۆژانە دەیکەین و جێبەجێی دەکەین، ئەگەرچی هەمو بەرێوبەرایەتیەکان روبەڕوی گرفت بوەتەوە بە هۆی بارودۆخەکەوە ئێمەش بەدەر نەبوین لێی و گرفتی کەمی کارمەندمان هەیە، بەهۆی وەرگرتنی مۆڵەتی بێموچە و گواستنەوە و وازهێنانی کارمەند ئەمەش بۆ خۆی گرفتە".

هەروەها سەبارەت بەوەی تا چەند دەسەڵاتی پێدراوە لە بەرێوەبردنی ئیشوکاری رۆژانە، هاوار محەمەد وتی: "بەپێی رێنمایەکانی وەزارەتی تەندروستی ئەوەی پەیوەندی بە ئیشوکاری ئیداری هەبێت دەسەڵاتم پێدراوە، ئەگەرچی بریاردەری گشتی و هەندێک کارمان بەبێ بەرێوەبەرەکەم ناکرێت بۆیە ئێمە هاوکاری یەکین لە ئیشوکارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ئەوەم بەسەر کارمەندەکان هەیە کە هەر کارێک بکەن پێچەوانەی کاری ئیداری بێت ئیجرائاتیان لەگەڵ بکەم."

شێوازی بەرێوبردنی کارگێری گۆرانکاریی و نوێبونەوەی بە خۆیەوە نەبینیوە و تاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆری کارەکانی کارگێری بەشێوەی کۆن بەرێوە دەبرێن.

حەسەن نەجم پاشا، بەرێوەبەری کارگێری بەرێوەبەرێتی تەندروستی خانەقین، سەبارەت بە رایکردنی کارەکانیان لە روی کارگێرییەوە دەڵێت: "شێوازی بەرێوەبردنی کارگێری لەلای ئێمە گرفتی نیە، ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە کارەکەمان رۆژانە جێبەجێی دەکەین و گرفتێکی ئەوتۆمان نیە".

سەبارەت بەوەی تا چەند دەسەڵاتی پێدراوە، حەسەن نەجم وتی: "بە پێی رێنمایەکانی تەندروستی دەسەڵاتم پێدراوە و بەباشی کارەکانم بەرێوە دەبەم، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ئەوەم پێدراوە کە بتوانم لە هەرگرفتێک کە رودەدات ئیجرائات لەگەڵ کارمەندەکان بکەم."

سەیوان عوسمان محەمەد، بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار باس لەوەدەکات کە بەپێی رێنماییەکانی تەندروستی ئەوەی پەیوەندی بە کارگێرییەوە هەیە دەسەڵاتی پێدراوە، و دەشڵێت: "بۆ هەر گرفتێک دەسەڵاتی ئەوەم هەیە کە ئیجرائات بکەم لەگەڵ کارمەندەکان، هەندێک جاریش بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم بۆ ئەوەی دەوام بکەن و کارەکان نەوستێت، ئەگەر وانەبێت ئەوا گرفت دروست دەبێت." دەشڵێت:"گرفتی کەمی کارمەندمان هەیە لە ژوری ژمێریاری ئەمەش کارەکانی قورس کردوە."

هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەوانەی لە پۆستە کارگێرییەکاندان پسپۆڕی خۆیان نیە، بە هۆی قەیرانی داراییەوە کردنەوەی خول کە پێشتر دەکرایەوە راگیراوە.

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەرێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار، ئاماژەی بەوەکرد: "پێشتر خول کراوەتەوە، بەڵام لە ئێستادا هەموی راگیراوە بەهۆی بارودۆخەکەوە، ئەگەرچی لە بەشی کارگێری رۆژانە

ئەوەی پێویست بێت دەکرێت و کارەکان رایی دەکرێت، لە بواری ئیدارەشدا تەنها یەک کەسمان هەبوە دەستی لەکار کێشاوەتەوە ئەویش پێی نەکرا و هۆکاری خۆی هەبو."

سەبارەت بە ئەنجامدانی کۆبونەوە و دانانی پلانی سالآنە و بونی بەشی یاسایی لە هەیکەلی ئیداری و بەدواداچون کردن بۆ کارەکانی رۆژانەیان، جێگری بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید هەژار لە کەلار دەڵێت: "بەردەوام کۆبونەوە دەکەین، بەڵام پلانی سالآنەمان نیە، بەڵکو بەردەوام پلانمان هەیە و پێشبینی دەکەین، چونکە ئێمە فریاکەوتنین و وەک شوێنەکانی تر نین."

هەروەها سەبارەت بە پێدانی مۆڵەت بە فەرمانبەران، هەڵگورد محەمەد، باسیلەوەکرد: "لە کاتی زەروریەت نەبێت مۆڵەت نادەین ئەگەر مۆڵەتیش بدەین، دەبێت لەگەڵ یەکێک لە هاورێکانی رێک بکەوێت کە ئەو رۆژە کارەکانی ئەویش بکات، هیچ جیاوازییەک لە نێوان کارمەندەکان ناکەین و بەپێی خشتەی دەوامکردن دەبێت دەوامی خۆیان بکەن."

سەبارەت بە کاروباری کارگێریان وریا محەمەد سالح، یاریدەدەری بەرێوبەری گشتی نەخۆشخانەی کەلار، دەڵێت: "ئێمە لە شێوازی ئیدارەداندا بەرێوەبەری گشتی و جێگری بەرێوەبەر و بەرێوەبەری کارگێری و تەواوی بەشەکانی تری پەیوەندیدار بە کارگێریەوە بونی هەیە جگە لە بەشی یاسایی کە لە بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیانە، هەروەها بەدەر لە قەیرانی دارایی کە گرفتی دروست کردوە ئێمە گرفتی دیکەمان هەیە ئەویش ئەوەیە دەسەلآتێکی رون نیە لە ئیدارەکاندا." دەشڵێت:"بەرێوەبەرە گشتیەکان بە ئارەزوی خۆیان کاردەکەن و دەسەلآت دەدەن".

وتیشی: "سەرەڕای ئەو هەمو گرفتە کارەکانی بەشی کارگێری باش بەرێوەدەچێت، ئەگەرچی بەراورد بکرێت بە سیستەمی ولآتێکی پێشکەوتو ئەوە شێوازی ئیدارەدان زۆر خراپە."

باسیلەوەشکرد: "ئێمە پێشتر جیهازی پەنجە مۆرمان هەبو بۆ واژۆکردن، بەڵام ئێستا نەماوە بەهۆی ئەوەی کارەبایەکەی خراپ بوە و پێویستە سێرڤەری خەزن کردنی هەبێت و تەنها جیهازێکیش هەبو، بۆیە تەنها جیهازێکیش کەمە بۆ ئێمە، بۆیە لامان بردوە و سجلی رۆژانەمان هەیە بۆ کارمەندەکان، لەگەڵ ئەمانەشدا بەردەوام کۆبونەوە دەکەین لەگەڵ تەواوی کارمەندەکان بەپێی پێویست."

لە ئێستا لە بەشێکی زۆری بەڕێوبەرایەتیەکان گرنگی بە پێشخستنی کاروبارەکان نادرێت و تەنها رایی کردنی کارەکانە و هۆکارەکەشی دەخرێتە سەر قەیرانی دارایی.

بەناز جەلیل ئەحمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون لە کەلار، وتی: "خۆم دو کار دەکەم هەم بەڕێوەبەرم و ئیشوکاری هاوڵاتیان رایی دەکەم لە روی ئیدارییەوە هەم وەک پزیشکیش رۆژانە نەخۆش دەبینم، لەگەڵ ئەمەشدا من پێشتر بەردەوام کۆبونەوەم کردوە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی قەیرانەکە و کەمی دەوامی کارمەندەکان بە پێی پێویست کۆبونەوە دەکەین."

ئاماژەی بەوەشکرد: "کاتێک سکاڵای هاوڵاتیان دێتە لام بۆ هەر کێشەیەک لە رێگەی لیژنەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەین، ئەگەرچی ئێمە کە لیژنەکە پێک دەهێنین هاوڵاتیان خۆیان نایەن بەدەم سکاڵاکەیانەوە تەنها دێن و قسە فرێ دەدەن."

سەبارەت بەوەی کە تا چەند پلانی تایبەت بەخۆیان هەیە بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب باسی لەوەشکرد: "لە رێگەی ئامارەوە خەمڵاندنی ساڵانە دەکەین و پلانی ساڵانەشمان هەیە، بەڵام قەیرانەکە کاری زۆری کردۆتە سەرمان، هەروەها هیچ جیاوازییەک ناکەین لە نێوان فەرمانبەرەکاندا و بەڵکو هەمویان وەک یەک دەوام دەکەن و زۆر بە بەرسیارێتیەوە مامەڵە دەکەن."

سەبارەت بە باشترکردنی رەوشی کارگێری، بەناز جەلیل دەڵێت: "بۆ باشترکردنی رەوشی کارگێری ئەوەیە کە خول بکرێتەوە لە روی ئیدارییەوە، هەروەها پلانی تۆکمە هەبێت بۆ یەکە کارگێرییەکان بۆ ئەوەی کارەکان باشتر رایی بکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەوامی (متناوب) لاببرێت، چونکە ئەمە یەکێکە لە گرفتەکان."

عەدنان ئەحمەد سالح، بەڕێوبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵا، سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی مەڵبەندەکەیان دەڵێت: "ئێمە لایەنی کارگێڕیمان خراپە و شتێکمان نیە بەناوی کارگێری، چونکە هەر یەکێک لە ئێمە کارێکی دیاریکراوی نیە و سێ ئیش بەرێوە دەبەین، لەبەر ئەوەی حەوت کارمەندین بە هەمومانەوە سێ دانەمان خەڵکی کفرین و لە هەفتەیەک سێ رۆژ دەوام دەکەن، بەهۆی نەبونی موچە و بارودۆخەکەوە، بۆیە ئیشوکاری ئیداریمان خراپەو بە سستی بەرێوە دەچێت، هەمو کارەکانی ئەو مەڵبەندە بەزۆری بە چوار کەسەوە بەرێوەی دەبەین".

پسپۆڕێکی بواری کارگێری ئاماژە بەوەدەکات کە کارگێری زانستە و پێویستە زانستیانە جێبەجێ بکرێت.

مەریوان مەحمود عەزیز، مامۆستا لە بەشی کارگێری کار لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار دەڵێت: "کارگێری زانستە ئەگەر زانستیانە جێبەجێبکرێت ئەوا کۆمەڵێک ئەرک و وەزیفە لە خۆ دەگرێت ئەوانیش (پلاندانان، رێکخستن، چاودێریکردن، سەرکردایەتی کردن و هەڵسەنگاندنی ئەدا) کە ئەمانە کۆمەڵێک ئەرکن و دەبێت بەرێوەبەری گشتی و کارگێری هەستن بە جێبەجێکردنی، هەروەها ئەمەش لەسەر ئەستۆی بەرێوەبەرەکانە نەک کارمەندەکانیان".

## 3.تا چەند کۆمپیتەر و تەکنەلۆژیا بۆ رایی کردنی کارەکانی کارگێری بەکاردەهێنرێن؟

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وایکردوە بەشێکی زۆری کارەکانی ئاسان کردوە، بەڵام تائێستا لە بەشێکی زۆری دامەزراوەکانی حکومەتدا سود لە تەکنەلۆژیا وەرناگیرێت و تا ئێستا بە شێوازی کۆن کارە ئیدارییەکان رایی دەکرێت.

شنۆ عەزیز محەمەد، بەرێوەبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە سەبارەت بە خشتەی دەوامکردنی رۆژانە و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە ئیشوکارەکانی رۆژانەیاندا ئاماژەی بەوەکرد: "ئێمە خشتەی دەوامکرنمان رۆژانەیە و سجلی رۆژانەشمان هەیە بۆ کارمەندەکان و رۆژانە کە دێنە دەوام واژۆی دەکەن ئەگەرچی کارمەندەکان دەوامکردنیان کردوە بە نۆرە (متناوب) و هەر کارمەندەو لە هەفتەیەک دو رۆژ دەوام دەکات، هەروەها کۆمپیوتەریش بەکاردەهێنین لە ئیشوکارمان، چونکە هەموی بە کۆمپیوتەر رایی دەکرێت، فەرمانبەرەکانیشمان گرفتیان نیە لە بەکارهێنانی چونکە دەرچوی ئەو بەشەی خۆیانن، هەروەها گرفتی بەریدمان نیە و فەرمانبەرێکی تایبەتمان هەیە کارەکانمان بۆ رایی دەکات و بەڵام تۆری ئۆنلاین بەکار ناهێنین بۆ کارویاری رۆژانەمان."

سەبارەت بە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەرید لە رایی کردنی ئیشوکارەکانی رۆژانەیان، ئەرکان محەمەد رەشید، بەرێوەبەری کارگێری نەخۆشخانەی کەلار دەڵێت: "ئێمە بە زۆری کۆمپیوتەر بەکاردەهێنین چونکە کارەکانمان هەر بە کۆمپیوتەر دەکرێت، گرفتی کەمی کارمەندیشمان هەیە و هەر کارمەندە و دو رۆژی بەردەکەوێت لە دەوامکردن، بەڵام هەر کارەکانمان رایی دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی بەریدمان نیە، بەڵام ئەگەر کارەکان لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بێت باشترە، ئەگەرچی وەزارەت بەکاری ناهێنێ چ جا ئێمە."

سەرەڕای دوری رێگەی نێوان بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان و وەزارەتەکەی، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە سود لە تۆری ئینتەرنێت وەربگیرێت و لە رێگەی بەریدەوە کارەکانیان جێبەجیدەکەن.

هاوار محەمەد، بەرێوەبەری کارگێری دیوانی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت:" گرفتی بەریدمان هەیە، چونکە وەزارەت لە هەولێرە و هاتن و رۆشتنی بۆ ئێمە قورس کردوە بۆیە مانگی جارێک یان دوجار دەڕۆین و هەمو نوسراوەکانمان پێکەوە دەبەین، ئەگەرچی پێشتر بەریدمان هەبو، بەڵام ئێستا نیمانە، هەروەها رێگەی ئۆنلاینیش بەکار ناهێنین، ئەگەرچی پێشتر بەکارمان دەهێنا."

هەرچەندە لە ماوەکانی پێشودا لە بەشێک لە بەرێوبەرایەتیەکان پەنجەمۆر (بەسمە) بەکاردەهێنرا بۆ هاتن و چونی فەرمانبەران بەڵام ئێستا هاوشێوەی کۆن لە رێگەی لیستەوە ئەو کارە دەکرێت.

حەسەن نەجم پاشا، بەرێوەبەری کارگێری بەڕێوەبەرێتی تەندروستی خانەقین، ئاماژەی بەوەکرد: "هیچ گرفتی کەمی کارمەندمان نیە و بەریدیشمان هەیە و سیستەمی ئەنتەرنێتیش بەکار ناهێنین و داواشمان نەکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا خشتەی دەوامکردنمان رۆژانەیە و سجلی واژۆکردنیش بەکاردەهێنین رۆژانە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپیوتەر نەبێت ئیش ناکرێت."

حسێن شاکر محەمەد، بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری، دەڵێت: "کێشەی بەریدمان نیە، تەنها ناردنی بەرید بۆ وەزارەت قورسە بۆیە هەندێکجار ناچار دەبین خۆمان برۆین بۆ هەندێک نوسراو، ئەوانی تریش تەندروستی گەرمیان خۆیان دەیبەن، هەروەها رێگەی ئینتەرنێتیش بەکار ناهێنین، هەروەها بۆ کارەکانی رۆژانەش کۆمپیوتەر بەکاردەهێنین."

هاوشێوەی بەشە کارگێرییەکانی دیکە، لە کارگێری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار کۆمپیوتەر بە کاردەهێنن، بەڵام تۆڕی ئینتەرنێت بە کارناهێنن. سەیوان عوسمان محەمەد، باسلەوەدەکات: "بەریدمان هەیە و کێشەمان نیە و کارەکانمان رای دەبێت، هەروەها خشتەی دەوامکردنمان رۆژانەیە و سجلی رۆژانەشمان هەیە بۆ واژۆکردنی کارمەندەکان ئەگەر چی بە (متناوب) دەوام دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپیوتەر بەکاردەهێنین بۆ کارەکانمان."

عەدنان ئەحمەد ساڵح، بەرێوەبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵا، ئاماژەی بەوەشکرد: "ئێمە بەریدیشمان نیە خۆمان ئەو کارە دەکەین، هەروەها لە کۆمپیوتەریش نازانین ئیشەکانیشمان خێر خوا بۆمان دەکات."

سەبارەت بە خشتەی دەوام و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ ئیش و کارەکانی رۆژانەیان دونیا غەفور رەحیم، بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، رونیدەکاتەوە: "خشتەی دەوامان رۆژانەیە و سجلی رۆژانەشمان هەیە بۆ واژۆکردنی فەرمانبەرەکان، هەروەها کۆمپیوتەریش بەکار دەهێنین بۆ کارەکانمان ئەگەر وانەبێت کارمان ناروات، بەڵام تۆری ئینتەرنێت بەکارناهێنین بۆ ئیشوکارەکان."

## 4.کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر سستبونەوەی کارە کارگێڕییەکان:

قەیرانی دارایی وەک زۆربەری لایەن و کایەکانی دیکە کاریگەری لەسەر کارە ئیدارییەکانیش کردوە و وایکردوە زۆرینەی کارەکانی بەرێوبەرایەتی تەنها رایی بکرێت و وەک بەرپرسانی یەکە کارگێرییەکان دەڵێن هیچ هەوڵێکیش بۆ وە پێشچونی کارە ئیدارییەکان نیە.

شنۆ عەزیز محەمەد، بەرێوەبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە لە کەلار باسلەوەدەکات: "قەیرانی دارایی وەک هەمو کایەکانی دیکە ئێمەش روبەروی کێشەو گرفت بوینەتەوە و کاریگەری هەبوە لەسەرمان، چونکە دەوام کەم بوەتەوە و بەرێکی داوام ناکرێت بەهۆی ئەوەی موچە نیە، ئەمەش گرفتێکی دیارە و ناتوانین وەک پێویست خزمەت بە هاولاتیان بکەین و راستە دەوام دەکەین و کارەکانی رۆژانە رایی دەکەین بەڵام وەک پێویست نیە".

سەیوان عوسمان محەمەد، بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار، سەبارەت بە گرفتەکانیان لە بواری کارگێری دەڵێت: "ئێمە لە روی کارگێری گرفتی ئەوتۆمان نیە و کارەکانمان رایی دەکەین، تەنها گرفتی کەمی کارمەندمان هەیە و رۆژانە بە بەرێوەبەری گشتیەوە پێنچ کەس دەوام دەکەین، ئەمەش بەهۆی بارودۆخی

رایی دەکەین".

سەبارەت بە لێپرسینەوە لە کارمەندانیان ئەرکان محەمەد، بەرێوەبەری کارگێری نەخوشخانەی گشتی کەلار باسیلەوەکرد: "هەمو دەسەڵاتێکم پێدراوە لەلایەن بەرێوەبەرەکەم و دەسەڵاتی ئەوەشم هەیە لێپێچینەوە بکەم لەگەڵ فەرمانبەرەکان بۆ هەرگرفتێک، بەڵام بەهۆی بارودۆخەکەوە هاوکارییان دەکەین، تەنها لە کوردستان و عێراق ئەم شێوازە بەرێوەبردنە ماوەتەوە ئەگینا هیچ وڵاتێک وا نیە."

لە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە بەشێکی زۆری کارمەندان بە نۆرە (متناوب) دەوام دەکەن و ئەمەش وایکردوە کارەکان بە باشی بە رێ نەکرێن و تەنها رایی بکرێن.

باکۆ حەسەن، بەرێوەبەری کاتی کارگێری مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە لە کەلار جەختیکردەوە: "ئێمە خشتەی دەوامکردنمان رۆژانەیە، بەڵام بەهۆی بارودۆخەکەوە کارمەندەکان دەوامیان کراوە بە (متناوب ) بە پێی خشتەکە هەر کارمەندە و دو رۆژ دەبێت دەوام بکات بەڵام خۆمان هەمو رۆژ دەوام دەکەین، لەگەڵ ئەوەش سجلی رۆژانەشمان هەیە بۆ واژۆکردنی کارمەندەکان، و بەشێکی زۆری کارەکانمان بە کۆمیتەر رایی دەکەین، لەروی بەریدیشەوە نیمانە خۆمان ئیش و کارەکان رای دەکەین."

هاوار محەمەد، بەرێوەبەری کارگێری دیوانی تەندروستی گەرمیان ئاماژەی بەوەشکرد: "ئێمە خشتەی دەوامکردنمان لەسەر ئەساسی هەفتانەیە، سجلی رۆژانەشمان هەیە بەڵام لە ئێستادا لامان بردوە بەهۆی بارودۆخەکەوە و دەوامکردنی کارمەندەکان بون بە نۆرە (متناوب)، ئەگەر ئەو سجلەمان هەبوایە ئەوا دەبوایە لێپێچینەوەش بکەین، هەروەها بەشێکی زۆری کارەکانمان بە کۆمپیوتەر رایی دەکەین."

قەیرانی دارایی و دانەمەزراندن بوەتە هۆکاری ئەوەی گرفتی کەمی کارمەندی دروستکردوە و ئەمەش وایکردوە نەتوانن کارەکانیان بە باشی بەرێوە بەرن.

حسێن شاکر محەمەد، بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی لە کفری سەبارەت بە رایکردنی کارەکانیان دەڵێت: "لە روی ئیدارییەوە گرفتی ئەوتۆمان نیە و بەرێوەی دەبەین وەک پێویست، بەڵام گرفتی ئێمە نەبونی میزانیەیە کە هەندێک لە کارەکان دوا دەکەوێت و ئەم قەیرانە گرفتی بۆ دروستکردوین، دەوامکردنی کارمەندەکانمان بون بە (متناوب) بەس بۆ ئەوەی رانەوەستێت".

دونیا غەفور رەحیم، بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، سەبارەت بە ئیشو کارەکانیان و گرفتەکانیان دەڵێت: "ئێمە لە روی کارگێرییەوە گرفتمان نیە تەنها ئەوە نەبێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە کارمەندەکان دەوامییان کەم بوەتەوە و بوە بە متناوب و چەند رۆژێکی کەم دەوام دەکەن، ئەمە گرفتی دروست کردوە و کارەکانمان بە خاوی دەرۆن".

سەبارەت بە شێوازی بەرێوەچونی کارەکانی بەشی کارگێری، بەناز جەلیل ئەحمەد، بەرێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب لە کەلار، دەڵێت: "ئێمە لە روی ئیداری گرفتی ئەوتۆمان نیە، تەنها ئەوەیە بەهۆی بارودۆخەکەو و قەیرانی داراییەوە کارمەندەکان کەمتر دەوام دەکەن و دەوامیان بوە بە نۆرە (متناوب) ئەمەش گرفتی دروست کردوە بۆ ئیشوکارەکان".

بەشێک لە بەرپرسە کارگێرییەکان باس لەوەدەکەن قەیرانی دارایی بە شێوەیەک کاریگەری هەبوە کە سالآنی پێشوتر کارە ئیدارییەکان باشتربوە.

ئەکرەم فەیزولا، بەرێوبەری کاتی کارگێری لە مەڵبەندی تەندروستی گەرمیان لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت:"سالآنی پێشتر کارگێری باشتربو، ئێستا پەیوندی کارمەندان سست بوە و بە هۆی بارودۆخەکەوە ناتوانین هیچ لێپێچینەوەیەک بکەین."

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەرێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار رونیدەکاتەوە: "ئێمە گرفتمان هەیە و بەهۆی قەیرانی داراییەوە شتەکان وەک پێویست نین، هەروەها گرفتی کارمەندمان نیە و ئەوەی بە بەشی ئیداری بێت وەک پێویست هەیە".

## 5. نەبونی پسپۆڕی کارگێڕیی لە نەخۆشخانە و بەڕێوبەرایەتیەکان:

دانەنان و پرنەکردنەوەی پۆستەکان بە پێی پسپۆڕیی و بە تایبەتی لە بواری کارگێڕی دا یەکێکە لە گرفتە دیارەکانی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان و بەشێکی زۆری ئەوانەی پۆستە کارگێرییەکان بەڕێوە دەبەن پسپۆڕی خۆیان نیە.

حەسەن نەجم پاشا، بەڕێوەبەری کارگێڕی تەندروستی خانەقین دەڵێت: "من پسپۆڕی خۆم نیە و پۆلی شەشی ئامادەیم تەواو کردوە لە سەر ئەزمونی کارکردنم کە (25) ساڵە بوم بە بەڕێوەبەری کارگێڕی بۆ ماوەی (9)ساڵە، هەروەها هیچ خولێکم نەبینیوە تەنها ئەزمونم هەیە لە بەشەکان و ئەم پۆستەم وەرگرتوە."

عەدنان ئەحمەد ساڵح، بەڕێوەبەری کارگێڕی مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵا یەکێکی دیکەیە لەو بەڕێوبەرانەی کە پسۆری خۆی نیە و ئاماژەی بەوەدەکات: "لە سەر ئەزمونی کارکردنم دانراوم بۆ ماوەی (15) ساڵ زیاترە خزمەتم هەیە و دەوام دەکەم و تا وەکو ئێستا بەشداری خولێکی بەهێزکردنم کردوە."

بەشێکی ئەوانەی کە پسپۆڕییان بواری کارگێڕی نیە ساڵانی کارکردنیان دەکەن بە بنەما بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

ئەرکان محەمەد رەشید، بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخوشخانەی گشتی کەلار دەڵێت: "من پسپۆڕی خۆم نیە، ئەوە بۆ ماوەی ساڵێکە بوم بە بەڕێوەبەری کارگێڕی و ئەزمونم هەیە و بە باشی کارەکان رایی دەکەم، هەروەها خولم بینیوە هی بەهێزکردن و ئیداری و چەندین خولی تر، بەڵام دانانی کەسەکان بۆ پۆستەکان باشترە پسپۆڕی خۆیان بن."

بەڕێوەبەری کاتی کارگێڕی مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە لە کەلار، باکۆ حەسەن، باسلەوەدەکات کارمەندی تەندروستیم بۆ ئەوەی کارەکان رانەوەستن ئەو پۆستە بەڕێوە دەبەم: "پسپۆڕی خۆم نیە و کارمەندی تەندروستیم و بەشی کارگێڕیم وەرگرتوە بە شێوەیەکی کاتی، بەهۆی ئەوەی مەڵبەندەکەی ئێمە تازەیە بۆ ئەوەی ئیش و کارەکان رانەوەستن من بەڕێوبەری دەبەم، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ خولێکم نەبینیوە و ئەگەر لەم پۆستە بمێنمەوە ئەوا خول دەبینم لە روی شێوازی ئیدارەدانەوە، ئەگەر چی من (5)ساڵە ئەزمونی کارکردنم هەیە."

هەرچەندە ئەو کەسانەی دەخرێنە پۆستە ئیدارییەکانەوە پسپۆڕی خۆیان نیە لە هەمانکاتدا بەشداری خولیان پێناکرێت و پەرە بە تواناکانیان نادەن.

سەیوان عوسمان محەمەد، بەڕێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار وتی: "ئەم پۆستەم پسپۆڕی خۆم نیە و کارمەندی تەندروستیم و ئەو پۆستەش پێویستی بە کەسی ئیداری خۆی هەیە، بەڵام لە نەبونی کەسێک من بوم بە بەڕێوەبەری کارگێری بۆ ماوەی (2)ساڵە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ خولێکم نەبینیوە تەنها لە ڕێگەی هاورێکانمەوە ئەزمونم وەرگرتوە و فێری ئیش و کارەکان بوم، گرفتی واشم بۆ دروست نەبوە کە وابکات دەست لەم پۆستە بکێشمەوە."

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار وتیشی: "هەندێک جار بەهۆی نەبونی کەسێک لە پسپۆڕیی کارگێری، ناچار دەبین پسپۆڕییەکی تر دابنێین، ئەمەش پێویستی بە کاتە بۆ ئەوەی ئەزمون پەیدا بکات."

نەبونی کارمەندی پسپۆڕ لە بواری کارگێری وایکردوە کە کارمەندانی تەندروستی ئەەو پۆستانە پرکەنەوە بۆ ئەوەی کارەکان رایی بکەن.

ئەکرەم فەیزوڵا، بەڕێوبەری کاتی کارگێری لە مەڵبەندی تەندروستی گەرمیان لە ناحیەی رزگاری، وتی:"پسپۆڕی خۆم نیە، بەڵام بەو هۆیەی ئەم پۆستە بەتاڵە بە شێوەیەکی کاتی بەڕێوەی دەبەم بەو پێیەی ئەزمونێکی زۆری کارکردنم هەیە."

سەبارەت بەوەی تاچەند گرنگە بەڕێوەبەری کارگێری پێویستە پسپۆڕی خۆی بێت. وریا محەمەد ساڵەح، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار وتیشی: "من بەسەر قەیرانەکەدا هاتم و ئەوانەشی بەڕێوبەری کارگێرین لەسەر ئەزمونی کارکردن دانراون گرفتەکەش ئەوەیە دەرچوی ئەو بەشە ئەو پۆستە وەرناگرن چونکە بارودۆخەکە خراپە و ناتوانن هەمو رۆژ دەوام بکەن."

بەشێکی زۆری ئەوانەی کە پسپۆڕی خۆیانە و بەڕێوبەری کارگێرین باشتر کارەکان بەڕێوەدەبن و کەمتر روبەروی گرفت دەبنەوە.

شنۆ عەزیز محەمەد، بەڕێوەبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە لە کەلار، دەڵێت: "من خۆم کارگێریم تەواو کردوە و پسپۆڕی خۆمە و شارەزای تەواوم هەیە لە بەرێوەبردن، هەروەها (24) ساڵە دامەزراوم و

بۆماوەی (6) ساڵیشە بەرێوەبەری کارگێریم، هەر لەم بوارەی خۆمدا خولم بینیوە لە ساڵانی رابردودا و سودی زۆری هەبوە بۆم و کاریگەری خۆی هەبوە."

هاوار محەمەد رۆستەم، کە بەرێوەبەری کارگێری دیوانی بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیانە جەختلەوەدەکاتەوە: "وەرگرتنی ئەم پۆستە پسپۆری خۆمە و لە ساڵی 2011 دامەزراوم و هەر لە بەشی ئیدارەوە دەستم پێکرد، سەرەتا بە بەشی یەکەی مۆڵەت و دواتر لە بەشی خۆیەتی و ئەوە بۆ ماوی (3) ساڵیشە بەرێوەبەری کارگێریم، هەروەها بەشداری دو خولیشم کردوە لە بوارەکەی خۆم."

یەکێکی دیکە لەو بەرێوبەرانەی کە پسپۆری خۆیەتی، حسێن شاکر محەمەد، بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانیە لە کفری، دەڵێت: "پۆستەکەم پسپۆری خۆمە و کارگێریم تەواو کردوە بۆ ماوەی (5)ساڵە دامەزراوم لە کەرتی تەندروستی و بۆ ماوەی (3)ساڵیشە بوم بە بەرێوەبەری کارگێری، وە بەشداری هیچ خولێکم نەکردوە تایبەت بە کارگێری."

دونیا غەفور رەحیم، بەرێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب وتی: "پسپۆری خۆمە کە ئەم پۆستەم وەرگرتوە و هیچ کێشەیەکم نیە لە بەرێوەبردنی لە مانگی (10)ی ساڵی رابرد دەست بەکار بوم و بۆماوەی چوار ساڵیشە دامەزراوم و ئەزمونی باشم هەیە لە بوارەکەدا، هەروەها هیچ خولێکم نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ناردنی نوسراوەکانمان بەریدی تایبەت بە خۆمان نیە هەر خۆمان ئەو کارە دەکەین."

پسپۆڕێکی بواری کارگێری رونیدەکاتەوە کە کارگێری کۆمەڵێک بنەمای هەیە یەکێک لەوانە پسپۆرێتییە.

مەریوان مەحمود عەزیز، مامۆستا لە بەشی کارگێری کار لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار، دەڵێت: "کارگێری دواجار کۆمەڵێک تیۆر و بنەمای تایبەتی خۆی هەیە، یەکێک لەو تیۆریانەش باس لە (14) بنەمای کارگێری دەکات کە دەبێت جێبەجێبکرێت و گرنگن، یەکێک لەو بنەمایانەش پسپۆرییە کە دەبێت هەر کارەوە بە پێی پسپۆری بێت و بەو پێیە دابەشبکرێت بۆ ئەوەی کارەکان بە باشی رایبکرێت، هەروەها یەکێکی تر لە بنەماکانی کە گرنگە هەبێت پاداشت و سزایە."

## 6. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەسەر گرفتەکانی یەکە کارگێرییەکان:

لە بەرامبەر ئەو گرفتانەی لە بواری کارگێری و ئیدارەداندا هەیە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، قسەی خۆی هەیە و باسلەوەدەکات کە یەکێک لە هۆکارەکان دامەزراندنە بە شێوەی هەرەمەکی ئەمەش وایکردوە کەسی شارەزا کەم بێت.

د. سیروان محەمەد جەمال، سەبارەت بە بونی ئەو گرفتانەی کە لە یەکەی کارگێریدا هەیە دەڵێت: "لە ساڵی 2016 لە رێگەی لیژنەی وەزارەتەوە بە رێکخستنەوەی میلاکات لە نێویشیاندا تەندروستی بو، ئەو لیژنەیەش تێبینیان ئەوەبو کە زۆرێک لە بەشە کارگێرییەکان لە نێو کەرتی تەندروستیدا چالاک نیە و کەسی تێدا نیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی میلاک کەمە و کەسی شارەزای کەمە، ئەوانەشی دامەزراون بە هەڕەمەکی کراون و لە کۆی (1800) فەرمانبەر لەسەر پسپۆڕی نەکراون بە بەڕێوەبەر، بەڵکو بە هۆکاری هەڵمەتی هەڵبژاردن و بۆ بەهێزکردنی حزبێکی دیاریکراو لە ناوچەکە بوە، ئەمەش وایکردوە نە ئێمە سودیان لێبببینین و زۆریشیان لە شوێنی خۆیان ناتوانن وەک پێویست خزمەت بکەن".

ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە کەلەسەر بەشی بزوتنەوەی گۆڕان پۆستەکەی وەرگرتوە، وتیشی: "بەپێی یاسای تەندروستی عێراقی و کوردستانیش دەبێت بەرێوەبەری هەر نەخۆشخانە پزیشک یان پزیشکی نەشتەرگەری بێت، ئەگەریش نەبێت ئەوا دەبێت پزیشکی بێهۆشکاری بێت و لەگەرمیانیش ئێمە رەچاوی ئەوەمان کردوە، بەڵام لە لایەن ئیدارەی گەرمیان و چەند بەرپرسێکی حیزبی رێگە نادەن بەو شێوەیە بێت، نمونەش بەرێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلارە کە تاوەکو ئێستا رێگەیان نەداوە دەست بەکار بێت."

ئاماژەی بەوەشکرد: "هەر مەڵبەند و بنکەیەکی تەندروستی کۆمەڵێک بەش و هۆبەی لە خۆگرتوە و لەلای ئێمەش بەهەمان شێوەیە لە هەیکەلی ئیداریش هەموشت هەیە، بەڵام هیچ یەکێک لەو مەڵبەندانە لە روی زانستی و یاساییەوە ئەو میلاکانە پرنەکراوەتەوە، ئەمەش بە هۆکاری دەستوەردانی حزبیی و کارەکانی پێشوتری کارگێری، ئەگەرچی لە دەست بەکاربونەمەوە هەوڵی ئەوەم دا چاکی بکەم، بەڵام دۆخی سیاسی و خەڵکی قەزاکەش هاوکارم نەبون."

سەبارەت بە بونی رۆڵی بەرێوەبەرایەتیەکەیان و دەسەڵاتیان باسیلەوەشکرد: لە کۆی شەش بەرێوەبەرایەتی گشتی یەکێکیان گەرمیانە و هەمو دەسەڵاتێکمان پێدراوە وەک شوێنەکانی تر، بەڵام لە روی ئیدارەدانەوە لەلایەن وەزارەتەوە ئەو دەسەڵاتانە جێبەجێنەکراوە، هەروەها لە روی دەسەڵاتی و حزبی و سیاسی گرفتمان بۆ دروست دەکرێت بۆ کارەکانمان.

هەروەها سەبارەت بە بونی گرفتی بەرید و بونی دەوام بە نۆرە (متناوب) لەلایەن فەرمانبەرانەوە دەڵێت: دەوامکردن بە متناوب دو جۆرە، یەکەمیان یاساییە و بەپێی یاسا دەبێت فەرمانبەر لە هەفتەیەکدا چەند سەعاتێک یان رۆژێک دەوام بکات، جۆری دوەمیش نایاساییە و بەبێ ئاگاداری کارگێری و بەرێوەبەری مەڵبەند یان بنکەکەی کە رێک دەکەوێت لەگەڵ هاورێیەکی یان هەندێ کاری تر ئەوا رێگەی پێنادەین و ئیجرائاتی لەگەڵ دەکەین."

سەبارەت بە پرسی (برید) و بەکارهێنانی ئینتەرنێت، وتی: گرفتی بەریدمان نیە تەنها ئەوەیە کارەکانمان دوا دەکەوێت بەهۆی گرفتی رێگاوبان ئەمە گرفتی بۆ دروست کردوین لە پێشتریش سیستەمی ئەنتەرنێت بەکار هاتوە، بەڵام ئیستا نەماوە و هۆکارەکەشی دیار نیە.

لە بارەی کردنەوەی خول بۆ یەکەی کارگێرییەکان د.سیروان محەمەد، رونیدەکاتەوە: "کردنەوەی خول بەتەنها ئەرکی ئێمە نیە و پێویستە وەزارەت بەو کارە هەستێت و گرنگە هەبێت، چونکە کارگێری دەماری سەرەکی ئیشوکاری حکومەت و بەرێوەبردنە، هەروەها ئەم هەیکەلە کارگێرییەی کە لە کوردستان هەیە لەسەر ئەساسی مەرکەزیەت و لەسەر حکومەتی عێراقی و یاساکانی ئەوان بەرێوە دەچێت، نەک هەر خولی کارگێڕی بەڵکو خولی پتەوکردنی تەندروستیشی نەڕەخساندوە، چونکە ئەم خولانە پێویستی بە بودجە هەیە و دەبێت کەسی شارەزا لە بواری کارگێری بهێنرێت و ئەمە ئەرکی وەزارەتە." دەشڵێت:"وەزارەت نە خۆی دەیکات نە بودجەش سەرف دەکەن و من هەوڵم داوە خول بکەمەوە، بەڵام پێم راگەیەندراوە کە ناتوانم ئەوە بکەم."

دەربارەی نەبونی بەشی یاسایی بۆ رایکردنی سکاڵاکانی هاوڵاتیان لە بنکەکانی تەندروستی وتی: "بەهۆی ئەوەی ژمارەی یاسا ناسان کەمەو لەکاتی خۆی کەم دامەزراون و تەنها چەند کەسێکن تەنها لە بەرێوەبەریەتی گشتی هەیە لە بنکەکانی تەندروستەی نیە لە کاتێکدا گرنگە کە هەبێت، بەڵام بەهۆی نەبونی دامەزراندن نیمانە و ناشتوانین بە گرێبەست دایان بنێین بە هۆی ئەوەی بودجە سەرف ناکەن."

ئاماژەبەوەشدەکات: " ئامێری بەسمە بەکار ناهێنین بۆ واژۆی فەرمانبەران ئەگەرچی لە کابینەکانی پێشوتر بۆ هەمو بەرێوەبەرایەتییەکان دانر و بودجەی بۆ تەرخانکرا، بەڵام بەکارییان نەهێنا و ئێشتاش بیخەنە کار بودجەی پێویستی دەوێت و ئەگەر بوار بدرێت ئەوا چاکی دەکەین، بۆیە بەو هۆیەوە سجلی رۆژانە بەکار دەهێنرێت کە لە سەردەمی کۆندا هەبوە."

سەبارەت بە باشکردنی بواری کارگێری، د.سیروان محەمەد وتی: "پێویستە گرنگی زیاتر بە بەرێوەبەرایەتیەکان و لە نێویشیاندا کارگێری، چونکە بەهێزبونی هەر دائیرەیەک بەهێزبونی حکومەتە لە روی پێشکەشکردنی خزمەتەوە، هەروەها بودجەی پێویست تەرخان بکرێت کەسی پسپۆڕ لە بواری کارگێری و بوارەکانی تریش دابمەزرێنرێت، ئەگەر نا ئیدارەدان لەمە باشتر نابێت."

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

1. لایەنی کارگێڕیی پسپۆڕێتی خۆی هەیە، ئاسان نیە کەسێک پسپۆڕیی ئەو بوارە نەبێت و سەرکەوتو بێت، بۆیە دەبێت لە دانانی لێپرسراوانی کارگێڕیی، رەچاوی پسپۆڕێتی بکرێت.

2. ئەو کەسانەی کە پۆستی بەرپرسیارێتی کارگێڕیی وەردەگرن، ئەگەر پسپۆڕێتییان کارگێڕیی نییە، ئەوادەبێت خولی شیاندن و راهێنانیانی بەردەوامیان بۆ بکرێتەوە، چونکە ماوەیەکی زۆری دەوێت تا بە ئەزمون فێری بوارەکە ببن.

3. ئەوەی تێبینیی دەکرێت کردنەوەی خول و راهێنان بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی کارگێڕیی، زۆر پشتگوێخراوە، لەکاتێکدا بواری کارگێڕییش وەکو بوارەکانی تر بەردەوام نوێ دەبێتەوەو پێویستە دەزگا و فەرمانبەران لەگەڵ ئەو نوێبونەوانەدا برۆن.

4. دەوامی فەرمانبەران بەکاریگەریی قەیرانی دارایی نارێکە، بونی نۆرە دەوام "تناوب" وایکردوە کە لایەنی کارگێڕیی زۆر لاواز و پەرت بێت، هەمو چاکسازیەکی کارگێڕیی بەبێ دەوامی رێکوپێک ئەستەمە بەدیی بێت. بۆیە پێویستە خەمێک لەو بوارە بخورێت.

5. دەستوەردرانی دەرەکیی، یەکێکە لەکێشە سەرەکیەکانی کەرتی تەندروستی لەگەرمیان، ئەمەش وایکردوە کە ئیشوکارە کارگێڕییەکان بەباشیی بەڕێوەنەچن، تەنانەت بەهۆی کێشەی نێوان ئیدارەی گەرمیان و تەندروستی گەرمیانەوە، حاڵی حازر پۆستی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار چۆڵە، ئەمەش دوای ئەوەی هەر لایەنەو کاندیدێکی هەیە بۆ ئەو پۆستە.

6. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، بە راشکاویی نیگەرانی لەدەستوەردانی ئیدارەی گەرمیان لەکارەکانی دەردەبڕێت، ئەمەش وایکردوە لەروی کارگێڕییەوە کێشەی زۆر بێتە ئاراوە، بۆیە ئەو کێشانە پێویستی بە چارەسەر و لێکتێگەیشتن هەیە، نەک بە ئاڵۆزکردنی زیاتر و بەردەوام بون، چونکە هێندەی تر کەرتی تەندروستی و لایەنی کارگێڕیی لاواز دەکات.

7. لە ناوەندە تەندروستییەکاندا، کەمتر گرنگیی بە لایەنی کارگێڕیی دراوە، هەستدەکرێت هۆشیاریی لەبارەی گرنگیی ئەو کەرتەوە وەکو پێویست نییە، هەروەها دەسەڵاتی بەرپرسانی کارگێڕیی رون و دیارییکراو نین و زۆرجار تێکەڵ دەبن لەگەڵ دەسەڵاتی بەڕێوەبەر و جێگرەکانیان، بۆیە پێویستە بەپشت بەستن بە یاسای کارپێکراو، ئەو سنورانە جیابکرێنەوەو گرنگیی تایبەت بە بواری کارگێڕیی بدرێت.

8. شێوازیی بەڕێکردنی مامەڵەکان زۆر تەقلیدیین، هەندێک ئامرازی وەکو کۆمپیوتەر، زۆر گرنگییان پێنادرێت، ئەمەش  وادەکات مامەڵەکان کاتی زیاتریان پێبچێت، گرنگە لەو روەوە وەزارەتی تەندروستی و تەندروستی گەرمیان هەنگاوی پێویست بنەن.

9. کێشەی پۆستەو بەرید، یەکێکە لەکێشە دیارەکان، لەبری ئەوە پشت بە ئینتەرنێت و نامەی ئیلیکترۆنی "ئیمەیڵ" ببەسترێت دەتوانێت بەشێک لە کێشەکان چارەسەر بکات، وەکو لەپێشتردا لە بەڕێوەبەرایەتییەکە کاری پێکراوە، کەدەتوانرێت نوسراوی رۆژانە بە ئیمەیڵ رایی بکرێت و دواتر و مانگانە بە یەک پاکێج لەرێگەی پۆستەوە نوسخەی ئەسڵیی هەمو مامەڵەکان رەوانەی وەزارەت بکرێت و بەپێچەوانەوە، ئەمەش بۆ زوتر راییکردنی مامەڵەکان.

10. شێوازیی دەوامکردن و پابەند بون بە دەوام کێشەی زۆری تێدایە، تۆماری ئامادەبونی رۆژانە بەتەنیا بەس نییە، پێشتر ئامێری پەنجە مۆر تاقیکراوەتەوە، ئەگەر لەروە تەکنیکییەکەوە کێشەکانی ئەو ئامێرانە چارەسەر بکرێن و لەهەمو ناوەندێک دا دابنرێن، تاڕادەیەکی باش دەوام رێک دەخاتەوە.

**ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

**ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە**

**زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە**

**هونەر حەمید مەجید، دۆسیەی تەندروستی**


**بۆپەیوەندی:**

07702303676– 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org